ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان

دەورەی تازە

# ئۆکتۆبەر

76

25 ی کانونی دووەم/ جەنیوەری 2024



موحسین کەریم

## ئێران و شەڕی ئیسرائیل دژ بە خەڵکی غەززە!

شەڕی ئیسرائیل لە دژی غەززە، ئەگەرچی کاولکاری و ماڵوێرانی و ئاوارەیی و کوشتار و جینۆسایدی بۆ خەڵکی فەلەستین لێکەوتۆتەوە، بەلام بۆ هێزگەلێکی ئیسلامی سیاسی و بەپلەی سەرەکی بۆ رژێمی ئیسلامی ئێران بوەتە مایەی خێروبەرەکەت.

گومان لەوەدا نیە کە ئەم شەرە بۆ دەولەتی ئیسرائیل مەسەلەیەکی ستراتیژی و بۆ حکومەتی راسترەوی بۆرژوایی نەتەنیاهۆ چارەنوسسازە. حکومەتی ئیسرائیل دەیەوێ بیانووی تاوانە تیرۆریستیەکەی بزوتنەوەی حەماس، بە جەنگێکی گشتگیر بۆ پاکتاوکردنی خەڵکی فەلەستین و سپاردنی پرسی دەولەتی فەلەستین بەمەحاڵ رەوایەتی پێبدات. دەیەوێ کێشەی فەلەستین بەجۆرێک یەکلایی بکاتەوە کە خۆی بریاردەی ئەوڵ و ئەخیری ئەو مەسەلەیە بێت. ئەم ئاراستەو مەیلە سیاسیەش لەلایەن سەرانی حکومەتی ئیسرائیلەوە راگەیەنراوە. بەرپرسی سیاسەتی دەرەوەی یەکێتی ئەورووپاش دژایەتیکردنی حکومەتی ئیسرائیل بۆ دروستبوونی دەولەتی فەلەستینی بە خەتەرناک پێناسەکرد! بەردەوامبوونی ئیسرائیل لەسەر جەنگەکەو ملنەدان بە خواستی ئاگربەست، کە لەلایەن وولاتانی ئەورووپای پشتیوانی ئیسرائیلیشەوە پێداگری لەسەر دەکرێ و بگرە تەنانەت ئەمریکای

بۆ لاپەرە ٢

## هەڵبژاردن دەست بۆ پایەی سیستەمی سیاسی و چینایەتی نابات، بەڵکو لە مەترسی شۆرش دەیپارێزیت!



## جەنجاڵی هەڵبژاردنی سەراسەری هەرێم

عوسمانی حاجی مارف

بۆ لاپەرە ٣



## گفتوگۆ لەگەڵ: ڕێبوار عارف سەبارەت بە خۆپیشاندانەکانی کوردستان

بۆ لاپەرە ٥



## گفتوگۆ لەگەڵ ئازاد مەجید بەرپرسی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان لە کەرکوک

بۆ لاپەرە ٦



## کاریگەریەکانی نارەزایەتی مرۆڤدۆستی لەسەر ئیسرائیل و هاوپەیمانەکانی لەجیهاندا

نوری بەشیر

بۆ لاپەرە ٨

## هێرش بە درۆن و موشەک

عوسمانی حاجی مارف

بۆ لاپەرە ١٠

**ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری!**

# درێژەی.......ئێران و شەڕی ئیسرائیل دژ بە خەڵکی غەززە!

هاوپەیمانی جەنگی ئیسرائیل دژی خەڵکی غەززەش لە پێدرێژکردنەکانی ئیسرائیل و بەردەوامبوونی لەسەر جەنگەکە نیگەران و ناڕەحەتە، دۆخی ناوچەکە زیاتر بەرەو کارەسات و نائارامی و تەقینەوە دەبات.

هەڵبەتە وەستانەوە بەرامبەر بە جەنگی غەززەو جینۆساید و تاوانەکانی ئیسرائیل دژی خەڵکی مەدەنی فەلەستین، لەئاستی جیهاندا بزوتنەوەیەکی فراوانی مرۆڤدۆست نوێنەرایەتی دەکات. ئەو بزوتنەوەیە لەسەر شەقامەکانی پایتەختەکانی وولاتانی ڕۆژاواو ئەمریکاوی هاوپەیمان و پشتیوانی ئیسرائیل و زۆرێک لە وولاتانی دیکەوە ئاپۆرەی سەدان هەزار کەسی بەستوە. فشاری ئەم بزوتنەوەیەیە کە حکومەتەکانی ڕۆژاوا پشتیوانی ئیسرائیلی ناچاریکردووە داوای ئاگربەست و چارەسەری کێشەی فەلەستین و بەرێخستنی کۆنگرەو کۆنفرانسی نێونەتەوەیی بکەن بۆ کۆتاییهێنان بەدۆخی جەنگی ئێستا و یەکلاکردنەوەی کێشەی فەلەستین و دامەزراندنی دەوڵەتی فەلەستین. بەڵام لەسەرێکی دیکەوە هێزە ئیسلامیەکان و بەتایبەتی ڕژێمی ئێران و دەتسوپێوەندەکانی لە ناوچەکەدا هەموو هەوڵێکیان بۆئەوەیە کە خۆیان وەکو نوێنەری بەرەی بەرگری لە خەڵکی ستەملێکراوی فەلەستین و غەززە هەڵخەن و نانی لێبخۆن!

ڕژێمی ئیسلامی ئێران، کە دوای ڕژانی خێروبەرەکەتی شەڕو داگیرکاری ئەمریکا لە عێراق بەسەریدا و دوای دەستێوەردانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە سوریا و یەمەن و .. توانیویەتی لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پێگەیەکی سیاسی-سەربازی گرنگ وەکو هێزێکی ناوچەیی بەدەستبێنێ، چەندین گروپی چەکداری لەناوچەکەدا دروستکردووە کە هەموویان لەژێر فەرمانی ڕاستەوخۆی ئەو ڕژێمەدان، وەکو حزبوللای لوبنان، گروپە شیعەکانی عێراق لەپاڵ کۆنترۆڵکردنی دەسەڵاتی سیاسی لەعێراقدا، حوسیەکانی یەمەن و هەروەها ڕاکێشانی بزوتنەوەی حەماس و جیهادی ئیسلامی بۆناو ئەڵقەی بەرەی بەرەنگاری سەر بە ئێران بەناوی بەرگری لە مەسەلەی فەلەستین و دژایەتیکردنی دەوڵەتی زایۆنیستی ئیسرائیلەوە! ئەم گروپە چەکدارو میلیشیا ئیسلامیانەی کە جڵەویان بەدەست ئێرانەوەیە، ئەو تواناییەی بە ئێران داوە کە لەم کێشەو ململانێیەی لەناوچەکەدا دروستبووە بەهۆی جەنگی ئیسرائیلەوە لە غەززە، سودمەندێکی گەورە بێت! سەرەڕای ئەوەی کە خۆی، سەربازی هەوڵەکانی ئیسرائیل بۆ ڕاکێشانی قاچی ئێران بۆناو شەڕەکە، ڕاستەوخۆ نەچوەتە ناو بەرامبەرکێی سەربازیەوە لەگەڵ ئیسرائیلدا!

ڕژێمی ئێران لەڕێگای دەستەوتاقمە چەکدارە ئیسلامیەکانی سەربەخۆیەوە، نائارامی بۆ ئەمریکاو ئیسرائیل دروست کردوە. لە عێراق و کوردستان، لە دەریای سوور، لە سەر سنورەکانی باکوری ئیسرائیلەوە... بەهێرشی درۆن و مووشەکی بالیستی هێزو توانای خۆی، ناڕاستەوخۆ بەوان نیشان دەدات. هاوکات ئێران بەوکارەی دەیەوێ ئەو پەیامە بە خەڵکی فەلەستین و ناوچەکە بگەیەنێ کە دژی تاوانەکانی ئیسرائیلن، کە ئەوە ئێرانە بەکردەوە بەرگری لەوان دەکات. بەوکارانەی ئێران دەیەوێ پێگەی ناوچەیی خۆی بەهێزبکات و لەهەر دانوسانێک لەسەر ئایندەی سیاسی- ئەمنی ناوچەکەدا جێگاونەخشی کاریگەرو پۆلیسی ناوچەکەی بۆ بەرەسمی بناسرێ لەلایەن هێزو جەمسەرە ئیمپریالیستیەکانەوە، بەتایبەتی لەلایەن ئەمریکاو ئەورووپاوە، کە وەکو نەیاری سەرەکی ئێران دەردەکەون، کە بەوجۆرە ماوەیەکی دیکە بۆ تەمەنی نەگریسی خۆی وەکو دەسەڵاتێکی مەقبول بۆ بۆرژوازی درێژبکاتەوە.

لەلایەکی دیکەشەوە پروپاگەندەی بەرگری لە خەڵکی مەحرومی فەلەستین وەکو کەرەستەیەکی بێدەنگکردنی خەڵکی ناڕازی لەدەسەڵاتەکەی بەدەستەوە دەگرێ، بۆ هێشتنەوەی دەسەڵاتەکەی بەسەر خەڵکی ئێراندا، کە لەوەتەی دەسەڵاتی بەسەر خەڵکی ئێراندا سەپاندوە، جێگای نارەزایەتی و نەفرەتی خەڵک بووەو ساڵ بەساڵ زیاتر و زیاتر ئەو نەفرەتەی خەڵک و نارەزایەتی لەو ڕژێمە بەرەوسەرچوە، چەندیجار خەڵکی ئێران دژی ئەو ڕژێمە خۆپیشاندان و خرۆشانی جەماوەریان بەرێخستوە، تەنانەت ساڵێک لەمەوبەربوو کە خرۆشانی جەماوەری خەڵکی ئێران پایەی ڕژێمی ئیسلامی هێنایە لەرزە و هێشتا مۆتەکەی ئەو پەلامارەی خەڵک بۆسەر ڕژێمەکەیان لە سەری بەرپرسانی ڕژێمدا دەرنەچوەتە دەرەوە!

★

ئۆکتۆبەر

ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان

سەرنوسەر : موحسن کەریم

ڤایبەر: 07700475533

مۆبایل:0044(0)7394013135

Muhsin_km@yahoo.com

ئۆکتۆبەر لە فەیسبووک:
October بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر

**ئۆکتۆبەر بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!**

# جەنجاڵی هەڵبژاردنی سەراسەری هەرێم

عوسمانی حاجی مارف

چەندین ساڵە هێزە قەومی و ئیسلامی و تائفیە میلیشیاکانی عێراق بەهەر جەردەیی و تالانچێتیەک کردویانە و دەیکەن و حکومەتیان بەڕێوە بردوە، لەهەمانکاتدا بە بەکارهێنانی دروشمی نیشتمان پەروەری و بانگەشەی وەهمی دینی و چەواشەکارانە کە خەڵکی ماندوکردوە، کاریگەریەکی تەواویان لەسەر توندکردنەوەی دۆخێکی تەواو ناڵەبار داناوەو ناجێگیری سیاسیان پەرە پێداوەو عێراقیان بەرەو کارەسات بردوە. هەڵبەتە لەسەر ئەم ڕێچکەیە بەرەو کارەساتی زیاتریشی دەبەن.

ئامانجی ئەم بانگەشە چەواشەکاری و ناعەقڵانیە، هاندانی هەستی مرۆڤە ئاساییەکان و کێشانی وێنەیەکی خەیاڵیە، بۆئەوەی هەست و سۆزی نەتەوەیی و ئاینی و نەتەوەپەرستانەی خەڵک بجوڵێنن تا کاریگەری لەسەر بڕیارو هەڵوێستەکانیان دابنێن، بە ئامانجی ئیستغلالکردن و کۆنترۆڵکردنیان.

عێراقی یەکپارچەو حکومەتی فیدراڵی و دادگای فیدراڵی و پەرلەمان، ئەو شێوازو ڕێڕەوەیە کە لایەنە شیعەکان لە پەیوەند بە دەورو دەخالەتی کۆماری ئیسلامی ئێران، لەعێراقدا وەک نوێنەرانی ئێستای بۆرجوازی، گەورەترین دەزگای دزی و جەردەیی و تالانیان پێکهێناوە، لە بەرزبونەوەی ئاستی هاوسەنگی هێزو پێگەیان بەرەو چەسپاندنی ناوەندبونەوەی حکومەتی عێراق، کار بە نەخشەو سیاسەتەکانیان دەکەن، فشارهێنانیان لەسەر حکومەتی هەرێم بۆ بەئەنجام گەیاندنی هەڵبژاردنی ئێستا لە هەرێمدا، هەر لە چوارچێوەی ئەو سیاسەتانەدایە، کە ڕێگاکانی ملکەچکردنی زیاتری حزبەکانی کوردایەتی بەدەست بهێنن بۆ هەنگاوەکانی ناوەندبونەوەی حکومەتی عێراق.

حکومەتی فیدراڵی لە بەغدا لەڕێگەی دادگای باڵای فیدراڵیەوە، هەوڵەدات بەشێوەیەکی یاسایی دامودەزگا سەرەکیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان تێکبدات. هاوکات ئەو سنووردارکردنانەی بەغدا سەپاندویەتی، دۆخێکی دژواری لێکەوتوتەوە. چەند مانگێکە زیاتر لە ملیۆنێک فەرمانبەری حکومەت مووچەیان وەرنەگرتووە، ئاشکرایە کە نارەزایی گشتی گەورەتر کردووەو نارەزایی بەرامبەر حکومەتی هەرێم و حزبە دەسەڵاتدارەکان زیاتر خۆی دەنوێنێت، ئەمەش بۆ خۆی کێشەیەکە لە چوونە پێشەوەو دیاریکردنی کاتی هەڵبژاردندا.

هەردوو حزبی دەسەڵاتدارو بنەماڵەی بارزانی و تاڵەبانی کە سی دەیە زیاترە لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا پێگەی سەرەکیان هەیە، لەم دۆخەدا لەبەردەم کۆمەڵێک تەحەدای سیاسی و ئابووری بێوێنەو گێژاوی دیارنەبونی چارەنوسی سیاسی و سەرگەردانیدان، بۆیە بوێری ئەوەیان نیە بەئاسانی و ڕاستەوخۆ بەدەوری ئامادەییەکانی ئەمجارەی هەڵبژاردندا کۆببنەوە.

لەگەڵ نزیکبوونەوەی هەڵبژاردنەکان کە بڕیاربوو مانگی شوباتی ٢٠٢٤ بەڕێوەبچێت، ڕووبەڕوی ئاستەنگی گەورە بونەتەوە، ئەمجارەش هەلبژاردنیان خستە کاتێکی تری نادیار. ئێستا زیاتر لەژێر فشاری وەلامدانەوەی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان و بڕیارەکانی دادگای باڵای فیدراڵیدان، لەبەردەم جەنجاڵی دۆخەکەدا گیریان کردوە.

هەرچەندە ئەو دوو بنەماڵەیە لەژێر کاریگەری فشاری بە ئەنجام گەیاندنی ئەم هەڵبژاردنەدان، بەڵام بۆ هەموان ئەوە ڕوشنە کە لەڕێگەی هەڵبژاردنەوە کۆتایی بەدەسەڵاتی ئەو دوو بنەماڵەیە ناهێنرێت، بەڵام ئەم دەورەیە فشارەکانی حکومەتی عێراق و کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان، تەحەداو سەرلێشێواویەکی بێچارەی خستوتە بەردەم هەردوو بنەماڵەی بەرزانی و تاڵەبانیەوە، کە چۆن بۆیان دەلوێت ئامادەکاریەکانی هەڵبژاردن بخەنە بەرنامەی کاریانەوە؟

لەگەڵ هەر توندپێچ و گرفتێک کە دێتە بەردەم پرۆسەی ئەم هەڵبژاردنە، مانای ئەوە نیە کۆتایی دەسەڵاتی بارزانی و تاڵەبانیە، ئەمەش لەو واقعیەتەوە سەرهەڵدەدات کە ئەم دوو بنەماڵەیە خاوەن هێزی میلیشیان و باڵادەستن لە کۆنترۆڵکردنی تەواوی دەزگا گرنگەکاندا، وەک سوپا، دادگا، هێزەکانی ئاسایش و سکێتەرو دارایی و ئابووری، تا دەگات بە پەرلەمانیش، لەهەمانکاتدا حکومەتی عێراق پێویستی ئەوەی پێیانە کە کوردستان بەڕێوەبەرن، بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا ئەو گرفتانەی لە هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەدا بۆیان پێشهاتوە، چۆن تێدەپەڕێنن؟ بۆخۆشیان جێگای تێرامان و بە کێشەیە!.

لەگەڵ ئەوەی ئەمجارەش هەڵبژاردنەکەیان دواخستوە، بەڵام هەوڵدان بۆ خۆگونجاندنیان لەگەڵ سەردەمێکی سیاسی نوێ لە ڕێڕەوی پەیوەندیەکانیان لەگەڵ حکومەتی عێراق، ڕووبەڕووی جۆرێک لە سەرگەردانی بونەتەوە، کە بۆیان زەحمەت و بارگرانیە، چۆن ئەتوانن یان بۆیان دەگونجێت لەگەڵ ناوەندبونەوەی دەسەڵاتی بەغدادا خۆیان ڕێکخەنەوە، ئەوەی دەبینرێت هەنگاو بە هەنگاو حکومەتی عێراق.

حکومەتی هەرێم سنووردارتر دەکات و بنەماڵەکان دەستەمۆی نەخشەو سیاسەتەکانی خۆی دەکات، کێشەکانی ئەم هەڵبژاردنەش بەشێکە لەو واقعە جەنجاڵەی کەتێی کەوتون.

لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆنیش لە گۆران و ئیسلامیەکان و نەوەی نوێ لە نێو ئەم گەمە سیاسیەی باڵادەست بونەوەی حکومەتی عێراقدا سەرسام و بێچارەو بنبەستن، حکومەتی هەرێم سێ نمونەی ئۆپۆزسیۆنی جیاوازی هەیە، هەریەکەیان کۆمەڵە کۆت و بەندێکی تایبەتی خۆی هەیە، ناشتوانن یەکگرن یا بەرەیەک پێکبهێنن، بۆیە ئەم هەڵبژاردنەش بکرێت یا نەکرێت نیشاندانی ئەزمونی بێتواناییان وەک ئۆپۆزیسیۆن لە پەرلەمان و حکومەتدا نیشانداوە، فرسەتی ئەوەیان نەماوە، لە ململانێی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی بەغدادا وەک ئۆپۆزیسیۆن جێگایەک پەیداکەن. ناکۆکیان لەسەر سەرکردایەتی، بێمتمانەیی لە نێوان کەسایەتیەکانی ئۆپۆزسیۆن و نیگەرانیەکان لە کێشەکان و زیانەکانی هەڵبژاردن، بێئومێدی لەبەرامبەر ئایندەی سیاسی کوردستان، مایەی رێگریە لە پێکهێنانی ئۆپۆزسیۆنێکی یەکگرتووی بە ئیعتبار، هیچ لایەنێکیشیان بە تەنها لەم دۆخەدا بواری بەکارهێنانی چەواشەکاری بۆ نەماوەتەوە.

پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان، لە هەڵبژاردنی ٢٠٢١ی پەرلەمانی عێراقدا، تەنها ٢٢.٧٪ کۆی دەنگی مافی دەنگدەرانی هەرێمی کوردستانیان بەدەستهێناوە، رێژەیەکی زۆر لە ٧٧.٣٪ی بایکۆتی هەڵبژاردنیان کردووە، واتە هەڵبژاردنێک بە کەمترین ئاست لە بەشداری دەنگدەران تێپەڕێنراوە، کە نیوەی زیاتری ئەو رێژەیەش ئارەزومەندانە و لە هەستکردن بە بەرپرسیاریەتیەوە نەچوتە بەردەم سندوقەکانی دەنگدان، واتە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە بەدوای سێ ساڵ ئاماژەیە بۆئەوەی لە بەجێگەیاندنی ئەم هەڵبژاردنەدا ئەوپەڕی بێهیوایی بەربڵاو لە دۆخی ئێستادا، وەک نارەزایەتیەک ڕووبەڕووی ئەو دوبنەماڵەیە دەبێتەوە، واتە هەستیاری بۆ رێژەی بەشداربون لە ئەگەری هەڵبژاردنی ئەمجارەدا، گومانی تیا نیە کە لێدانی مۆری ریسوایی لە ئێستاوە پێشبینی دەکرێت، بۆیە ئەم دەورەیە لە زۆرترین رێژەی بایکۆت و کەمترین رێژەی بەشداربوان بەرەو رون، ئەمەش گرفتێکی سەرسورهێنەر دەبێت لەم هەڵبژاردنەدا.

وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە چارەنوسسازە کە ئایا پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان گەر بە هەر جۆرو شێوازێک لەم هەڵبژاردنەدا دۆڕان، ئایا خۆبەخشانە دەسەڵات رادەست دەکەنەوە؟، ئەوەی گومانی تیا نیە نەک دەسەڵات رادەست ناکەن، بەڵکو دەبێتە چاوەڕوانی ئەگەری خولقاندنی کارەساتیش بین.

مەسرور بارزانی، لە لێدوانێکی ئاشکرایدا سەبارەت بە گرنگی مانەوەی سەربازی ئەمریکا لە ناوچەکەدا، پێچەوانەی ئەو هەڵوێستەن کە بەرپرسان لە بەغدا دەریانبڕیوە، هاوکات حکومەتی ناوەندی بە سەرۆکایەتی محەمەد ئەلسودانی، داوای کشانەوەی هێزە بیانیەکانیان کردوە، ئەوەی دەیبینین کاردانەوەی بەغدا لەم بارەیەوە تەنیا قسەکردنەو نەیتوانیوە مانایەکی کرداری بەدوای خۆیدا بهێنێت، چونکە سودانی ناتوانێ هەڵوێستێکی تری هەبێت جگە لەو هەڵوێستەی کە تەنها وەک راگەیاندنێک بانگەشە دەکات، نەک تەنها لەبەر نزیکی خۆی لە ئێرانەوە، بەڵکو لەبەر ئەوەی بۆخۆشی سیاسەتمەدارێکی عێراقیەو بەرژەوەندی وەها پێویست دەکات، تەحەدادا وەک هێمایەک بۆ پێگەی حکومەتەکەی نیشان بدات، تا پابەند بێت بە پاراستن و بەهێزکردنی ئەو لایەنەی باڵادەستەی لە حکومەتی عێراقدایە، کە دەسەڵاتی ئەو لایەنەش هێزێکی شیعەیە، کە بە "چوارچێوەی هەماهەنگی" ناسراوە، لەهەمانکاتدا بۆ بەرزانیش مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا وەک پاڵپشتیەکە لەپێناو پاراستنی پێگەو نفوزی دەسەڵاتی پارتی و هێزە چەکدارەکانی، لەهەمانکاتدا بۆ پاراستنیانە لە هەر گێژاوێک کە لە پرۆسەی هەڵبژاردن و ئەنجامگیری هەڵبژاردندا دەرگیری دەبن.

گریمانەی کشانەوەی ئەمریکا بەگشتی چیرۆکێکە کە هەمیشە لە باسە ناوخۆییەکان دەوروژێنرێت، بەڵام ململانێیەکە نەتوانراوە یەکلایی بکرێتەوە، لە دۆخی ئێستاشدا ئەو کێشمەکێشەی لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەگوزەرێت، ئەمریکا نیازی کشانەوەی لە ناوچەکەدا نیە، بەتایبەتی بەدوای ئەم شەڕەی ئێستای ئیسرائیل دژ بە خەڵکی فەلەستین. ئەوەی کە پێویست ناکات لە خەو و خەیاڵی جەماوەری حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتیدا بێت، پێش هەڵبژاردن و دوای هەڵبژاردن، ئەمریکا بەهیچ جۆرێک بەنیاز نیە لەدەرەوەی پرۆسەی جێگیری ناوەندبونەوەی حکومەتی عێراق، ئیمتیازاتێک بۆ حزبە دەسەڵاتدارو ئۆپۆزسیۆنەکانی کوردستان بە فەرمی بناسێت، مانەوەی هەرێم لە هەر قەوارەیەکدا بێت بۆ ئەمریکا و ئێران، گرێدراوە بە دامەزراندنی عێراقێکی یەکگرتووەوە!

★


سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی: **عوسمانی حاجی مارف**

مۆبایل:00964(0)7701570050

Email: Osman_maruf@yahoo.com

سەرۆکی مەکتەبی سیاسی: **خەسرەو سایە**

00964(0)7701521043

Email: saya.xasraw@yahoo.co.uk

ڕێکخراوی دەرەوە: **دەشتی جەمال**

Mob: 0044(0)7856032991

Email: dashtyjamal@gmail.com

بەرپرسی سکرتاریەتی مەکتەبی سیاسی:

**جەمال موحسین**

0047(0)47276028

Email:krtariati.ms@gmail.com

# گفتوگۆ لەگەڵ: ڕێبوار عارف

## دەربارەی خۆپیشاندان و ناڕەزایەتیەکانی مامۆستایان و خەڵکی کوردستان.

**ئۆکتۆبەر: ماوەیەکە خۆپیشاندانی مامۆستایان و بەشێک لە توێژە زەحمەتکێشەکانی کوردستان کە کاریگەری نەدانی مووچەو خراپبوونی بارودۆخی ئابوری لەسەریان بە سەختی دەرکەوتوە، بەشێوازی جۆراوجۆر، لە بایکۆتی دەوامی خوێندنگاکان تا خۆپیشاندان و گرتنی شەقامەکان بەتایبەتی لە ناوچەی دەسەلاتی یەکێتی دەستی پێکردوە. بەبڕوای ئێوە خاڵە لاوازو بەهێزەکانی ئەو ناڕەزایەتیانەی کە ڕوودەدەن چین؟ بۆچی تائێستا نەیتوانیوە دەسەڵاتدارنی هەرێم ناچاربکات بە وەڵام دانەوە بە خواستەکەیان، کە خواستێکی زۆر سەرەتایی و سادەیە؟**

ڕێبوار عارف: خاڵی بەهێزی ناڕەزایەتیەکانی مامۆستایان بەپلەی یەکەم خۆی لەجۆرێک ڕێکخراوبووندا دەبینێتەوە، کەئەمەش رابردویەکی درێژتری هەیەو نزیک بە ١٠ ساڵ ئەزموونی لەپشت سەرناوە. کە لەم سالانەدا چەندینجار لێبراوانە بەشێوازی جیاواز هاتووەتە مەیدان و دەنگیان هەلبریووە... هاوکات خالێکی تری بەهێزی ئەم ناڕەزایەتی دەربرینە ئیرادەی بالاو بەردەوامبوونیان لە ناڕەزایەتی کە ئەمە یەکەمجارە بەمشێوەیە زیاتر لە چوار مانگ بەردەوام بێت. ئەمە لەدۆخێکدایە کە سەرباری نەبوونی مووچە، بارگرانیەکی زۆری ئابوری بەسەر شانەوەیە. لەپال ئەمانەشدا دەکرێ بلێین کە بوونی ئەو ئەنجومەنە سەراسەریە لە ئاست هەموو شارەکاندا، کەجێی ڕێکخراوێکی سەراسەری گرتووەتەوە زەرفیەتێکی گرنگ و ئەرێنیە . هەرچەندە لەمبارەوە هێشتا دەکرێت بیر لە میکانیزمگەلێکی زیاتر بکرێتەوە بۆ کارابوون و بەهرەمەندبوونێکی زیاتر لە تواناییەکانی هەموو هەلسوراوان لەئاستی سەراسەریدا. بەلام دەبێت ئەوەش بلین کە خالە لاوازەکانی ئەم بزوتنەوەیە ئەگەر وشیارانە هەنگاو هەلنەهێنەوە بۆ چارەسەرکردنی، ئەوا دووچاری ئاستەنگی و ڕێگریەکی زیاترمان دەکاتەوە. لەمبارەوە هێشتا نەک تەنیا کێشەی سەراسەری بوونەوەمان هەیە لە هەموو کوردستاندا، بەتایبەت لە ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی پارتیدا، بەلکو تەنانەت لەبازنەی ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی یەکیەتیدا هێشتا لە نیوەی شارۆچکەکانی ئەم سنورەمان تێنەپەراندوە.

خالێکی تر ئەوەیە هەروەک چۆن تاکتیک و شێوازی خەباتی ئەم ناڕەزایەتیانە لە بازنەیەکی تەسکدا دەسورێتەوە، هاوکات بەرنامەی درێژماوەتری لەئەگەری بەردەوامبوونی ئەم ناڕەزایەتیانە نیە، تا دەگات بە ستراتیجی جولانەوەکە ڕۆشن نیە، بۆیە خۆقانع کردن بەوەی کە هەیە زیانبارو مەترسیدارە. تۆ سەرنج بدە لە چوارمانگ درێژەپێدان بە بایکۆت، هێشتا ئێمە لە بازنەی گردبوونەوە، ڕێپوان و خۆپیشاندان دەسورێینەوە. تازە بۆئەمەش سوودمان لە کەمترین ئیبتیکارات و جوڵەی تر وەرگرتووە. پرسیار ئەوەیە ئەگەر ئێمە لەپال ڕێپێوان و خۆپیشاندانەکانی یەکشەمماندا، لایەنی کەم لە ڕۆژانی دیکەدا لە شارە گەورەکاندا خێمەی ناڕەزایەتی لێدەین، یان بیر لەوە بکەینەوە لە خالە سنووریەکاندا شادەماری ئابوری بگرین، ڕێگە بە هاتووچۆی تەنکی نەوت و سوتەمەنی نەدەین، وەک نموونە کاراکەی خۆپیشاندانەکەی پێنجوێن لە سالی رابردوداو تەنانەت کارکردن بۆ مانگرتنی گشتی و جۆرەها ڕێگەو ڕەوشی یکە دەتوانیت کاریگەریەکی یەکجار بەهێزتری هەبێت لە پرۆسەی شکانەوەی ناڕەزایەتیەکان لە بەژەوەندی مامۆستایاندا.

دواین خالێک کە بزوتنەوەکەی مەحکوم کردوە بەو ئاستەنگیە ئێستای، گرێدانەوەی ناڕەزایەتی مامۆستان بە هاتنەمەیدانی بزوتنەوەیەکی جەماوەریە کە ئەمە لەرووی تەبلیغیەوە قسەی لەسەر دەکرێت، بەلام هیچ نەخشەوپلان و بەرنامەیەکی دیاریکراو نیە لەپەیوەند بە چۆنیەتی عەمەلیکردنەوەی ئەو ئاراستەیەی کەچۆن لە هەناوی ئەم بزوتنەوە جەماوەریەدا ناڕەزایەتیەکانی مامۆستایان بگات بە ئامانجەکانی خۆی! دواجار ئەم لاوازیانە لەکاتێکدایە کە دەسەلات ڕێگەگەلێکی یەکجار زۆری گرتووەتەبەر بۆ شکست پێهێنانی ئەم بزوتنەوەیە، هەر لە جبەخانەیەکی تەبلیغاتی بەهێزەوە بگرە تا هەرەشەکردنی سزادان و بەگەرخستنی دەزگا چاسوسیەکانیان و کۆمیتەو وەزارەت و بەرێوەبەرایەتی و هێزە سەرکوتگەرەکانیان بەگەرخستووە بۆ پاشەکشەپێکردنی بزوتنەوەکە و نەگەشتن بە خواستەکانیان، بەلام هێشتا بەبڕوای من ئەگەری سەرکەوتنی ئەم جولانەوەیە سەرباری هەموو ئەو ڕێگریانە بەهێزترو واقعی ترەو ئەرکی هەموو ئێمەیە بۆ ئەم ئامانجە کاربکەین.

⇦

ئۆکتۆبەر: هۆکاری چیە کە ئەم جۆرە چالاکی و نارەزایەتیانە زیاتر لەناوچەی دەسەلاتی یەکێتیدان و لە ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی پارتی نابینرێن!؟

ڕێبوار عارف: بەبروای من جیاواز لەوەی کە نەریت و سوونەتی نارەزایەتی دەربرین لە سنووری ناوچەکانی زۆنی سەوزدا بەهێزترو کاراترەو مێژووی بەرنگاری و راوەستانەوە لەم ناوچەدا ریشەدارترەو پایەدارترە. ئەمە جگە لەوەی کە دۆخی میلتاریستی و سەرکوتکردن یەکجار بەهێزترو ریشەدارترە، کۆبوونەوەی چوار کەس لە شەقامێکدا پاش نیوسعات لە زیندانا قایمکراوە، وەک ئەو دەیان مامۆستاو هەلسوراوانەی کە سالەهایە لە ئەشکەنجەدانێکی رۆحیدا بەسەردەبەن. بۆیە ئاسان نیە پانتایی ئەم خۆپیشاندانانە هەموو شارەکانی تری ژێردەسەلاتی پارتی بگرێتەوە. کەدیارە ئەمە نابێتە پاساوی دەست نەبردن بۆ تێکشکانی ئەم رێگریانە....

ئۆکتۆبەر: وەکو دەزانن حکومەتی هەرێم خەتاکە روبەرووی حکومەتی ناوەندی دەکاتەوە کە ئەوان بودجەو مووچە نانێرن. تا چ رادەیەک ئەم قسەیە راستی تێدایە؟ ئایا ئەگەر بەوجۆرەیە کاری حکومەتی هەرێم چیە؟ دەبێ خەڵک چی بکات؟ ئایا هەنگاوی دیکە پێویست نیە بۆ دەرکێشانی ئەم دۆخە لەو بنبەستەی تێی کەوتوە؟

ڕێبوار عارف: سەرەتا دەبێت ئەوەبلێین کە ئێمە رووبەرووی ئەرکێکی دوو تەرەفە بووینەتەوە، لەلایەکەوە بێ هیچ قەیدوشەرتێک داکۆکیکردن لە تەواوی خواست و داواکاریەکانی مامۆستایان، لەلایەکی تریشەوە جێپێ قایمکردنی خۆمان لەنێو بزوتنەوەکەدا. کە دەبێت ئەوەش بلێین سەرباری وشیاری و ئامادەیی بەشێکی بەرچاو لە هەلسوراوان و رابەرانی ئەم بزوتنەوەیە، بەلام جۆرێک لە تێگەشتنی سەندیکالستی و سنفیگەرای هێژمۆنیەکی زالتری هەبوو کەزیاتر بەدەوری داخوازیەکانی مامۆستایاندا دەخولانەوە، خۆشحالانە ئەم دەرک و تێگەشتنە لەنێو روهێنانی خەلکی نارازی بۆ نێو نارەزایەتیەکان بەکردەوە پەراوێز بووتەوەو هەلسوراوانیش زۆر باشتر لە گرنگی جەماوەری بوونەوەی نارەزایەتیەکان حالی بوون، بۆیە تەنانەت بەشێکی زۆر لە شیعارەکانیش خواستە سنفیەکانی مامۆستایانیان تێپەراندو ئەمەش دەرفەتێکی زۆر باشتری خولقاند بۆ مداخەلەو کاری ئێمە، بەکردەوە کاریگەری ئێمەی زۆر فراوانتر کردوتەوە. هەربۆیە لە ئێستەدا پەیوەندیەکی فراوانمان بە دەیان هەلسوراو رابەرانی مامۆستایانەوە هەیەو ئەمەش دەرفەتێکی باشی هێناوەتە گۆرێ بۆ دەورگێرانی ئێمە و ئاراستە کردنی بەشێکی خۆپیشاندانەکان.

دیارە میکانیزمی کاری ئێمە جیاواز لە وتاربێژی لە گردبوونەوەو خۆپیشاندانەکاندا هاوکات دیدارو کۆبوونەوە لەگەل رابەرانی جولانەوەکەو دەستەکانی مامۆستایان و کۆرو کۆمەلەکان و کاری رووبە میدیا بووە کە ئەمە پێگەی ئێمە رۆژبەرۆژ لە نێو بزوتنەوەکەدا بەهێزترو بەرچاوتر کردوەتەوەو پێشوازیەکی زۆر دەکرێت لە دەخالەتگەری هەلسوراوەکانمان.

☆

# گفتوگۆ لەگەڵ ئازاد مەجید بەرپرسی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان لە کەرکوک سەبارەت بە ڕوداوەکانی ئەم دواییانەی گەڕەکی نەورۆز لە شاری کەرکوک

ئۆکتۆبەر: ماوەیەک لەمەوبەر لەشاری کەرکوک هەندێ روداوی نەخوازراو رویاندا. لەبابەت هیرشکردنە سەر گەرەکی نەورۆزو چەند جێگای دیکە... دەکرێ سەبارەت بە چۆنیەتی روداوەکەو هۆکارەکەی و ئەوانەی ئەنجامیان دا قسەمان بۆ بکەیت

ئازاد مەجید: لەراستیدا ئەو روداوانە تازە نین، بەتایبەت لەدوای شانزەی ئۆکتۆبەرەوە کە ئەحزابی ناسیونالیستی کوردی شارەکەیان بەجێهێشت و لەجێگەیدا هێزی سەربازی و ئەحزابی ناسیونالیستی عەرەبی و راکان جبوری لەجێگەیدا بوونە دەسەلاتدار، ئەم هێرشانە هەبون وە بەتایبەت لەناوچەکانی سەرگەران و دبس و داقوق و لەیلان و توپزاوا کە ئەمانە ناحیەو قەزاکانی سەر بەشاری کەرکوکن، هێرش دەکرایە سەر جوتیارانی ناوچەو گوندەکانی و بەهێزی سەربازی و عەشایەری عەرەبی کە پێشوتر لەچوارچێوەی سیاسەتی تەعریبدا ئەم زەویانەیان پێدرابوو کە هی جوتیارانی کوردبون و زۆربەیان تاپۆیان هەیە، دەیانەویست دیسانەوە داگیریان بکەنەوە، کە بەسەدان هەزار دۆنم زەویە. هەڵبەت بەپشتیوانی ئەحزابی قەومی عەرەبی و هێزە سەربازیەکان. تائێستاشی لەگەڵ بێت ئەم کێشانە یەکلانەبونەتەوە، بەلام لەدوای هەڵبژاردنەکانی شارەوانیەکانەوە ئەم کێشانە هاتونەتە نێو شارو گەرەکەکان وە بەهێزی سەربازی چوونەتە نێو گەرەکی نەورۆز کەپێشوتر لەسەردەمی بەعسدا دراوە بە ئەفسەرە پلەدارەکانی بەشێوەی کاتی، وە دواتر چۆڵکراون و خەڵکی چونەتە نێوی و تێیدا نیشتەجێ بوون. ئێستا بەبیانوی ئەوەی ئەم خانوانە سەر بەوەزارەتی بەرگریە بەزەبری هێز هاتون و دەیانەوێت بە خەڵکەکەی

چۆڵ کەن. چەند خانویەک کەخێزانەکان لەماڵ نەبون یان خەریکی چاککردنەوەی بوون، چونەتە نێوی و هەندێ خێزانیان هێنابوو کەنیشتەجێیان کەن، بەلام بە یەککرتویی خەڵکەکەی نەیانهێشت تیایدا نیشتەجێ بن، بەلام تائێستاش کێشەکە بەچارەسەرنەکراوی ماوەتەوە .

**ئۆکتۆبەر: کاردانەوەی خەڵکی کەرکوک بەرامبەر بەو روداوە چۆن بوو؟ لایەنە سیاسیەکان و حکومەتی عێراق چ هەڵویستێکیان هەبوو لەو روداوە؟**

ئازاد مەجید: کاردانەوەی خەڵکی گەڕەکی نەورۆز زۆر ئازایانەو دەستوبرد و بەیەککرتویی چوون بەگژ هێزەکەداو دواتر وەک مانگرتنێک خێمەیەکیان لەنێو گەڕەکەکەدا هەڵداو تائێستاش بەردەوامە، وە زۆربەی خەڵکی گەڕەکەکان سەردانیان کردون و پشتیوانیان نیشانداوە. وە ئەم هەڵویستەی خەڵک و گەڕەک ئەحزاب و بەرپرس و تەنانەت میدیاکانیشی هێنایە دەنگ و پشتوانیان نیشانداوە. وە کێشەکە گەیشتوەتە حکومەت و لەبەغداش سودانی و وەزیری داد کە خالید شوانیە ئەویش لەنێو کێشەکەدایە، بەلام تائێستا کێشەکە بەردەوامە. هەرچەند وەعدو بەڵێنیان پێداون کە ئەو هێزە ناوچەکە چۆڵ بکات، بەلام پێئەچێ گوێ نەدەنێ، چونکە حکومەتیکی یەکدەست و خاوەن دەسەلات و مونسەجیم وجودی نیە و هەر هێزو حیزبێک بۆخۆی حکومەتیکەو دەسەلاتێکی تایبەتی هەیەو ولاتانی ناوچەکەش دەست لەپشتیان دەدەن، گوێ لەدەسەلات و کەسی تر ناگرێ. وە ئەم کێشەیە خەریکە سەردەکێشێت بۆچەند گەڕەکی تر و ئێستا گەڕەکی عەرەفەش بەهەمانشێوە ئاگادارکراونەتەوە کەخانوەکانیان چۆلکەن، بەبیانوی ئەوەی سەر بەکۆمپانیانی نەوتی باکورە، دەبێ بگەڕێنرێتەوە کە بۆ بیست ساڵ دەچێت ئەو خەڵکە لەوێ نیشتەجێن و کۆمەڵێک مەسروفیان تێداکردوە کە پێشوتر هەیکەل بون. ئێستا ئەمری گرتن بۆ زۆرێکیان دەرچووە و تەنانەت ناتوانن لەدائیرەکان کاروباریان بەرێکەن و هەموی راگیراوە .

**ئۆکتۆبەر: بەرای ئێوە چۆن دەکرێ پێش بەو جۆرە روداوانە بگیرێ لە داهاتوودا؟ دەبێ پەیوەندی نێوان خەڵکی کەرکوک چۆن بێت و چۆن رێک بخرێت؟ ئیدارەی شارێک بەوجۆرە پێکهاتە تایبەتەوە کە هەموو هێزە ناسیۆنالیست و ئیسلامیەکان و بگرە وولاتانی ناوچەکە دەستی تێوەردەدەن، چۆن دەتوانێ زامنی ژیانێکی ئارام بۆ دانیشتوانەکەی بێت؟**

ئازاد مەجید: بەرای ئێمە دەکرێ پێش بەم رودوانە بگیرێت، بەلام چۆن!؟ کێشەکە لێرەدایە کەرکوک سەنتەری کێشەی نێوان ئەحزابی ناسیونالیستی کوردو عەرەبە وتەنانەت ولاتانی ناوچەکەش دەستێوەردانی تێدا دەکەن، لەکاتێکدا زۆربەی حکومەتەکان نەوتیان بەم ئاگرەدا کردووە زیاتر کێشەکەیان قوڵتر کردوە. بەتایبەت لەسەردەمی بەعسدا ئەم سیاسەتانە گەیشتە ترۆپکی سەرکوت و دەربەدەرکردن و راوونانی خەڵکی کورد بەتایبەتی و هەرئۆپۆزیسیونێک و تەرحیل و حیجزکردنی زەویوزار و خانوەکانیان و دەرکردنیان بۆ شارو ناوچەکانی تری کوردستان. ئەوەی ئێستاش دەکرێ درێژەی هەمان سیاسەتە لەلایەن ئەحزابە تازەکانەوە وە دەیانەوێ لەم رێگەیەوە کێشەی نەتەوەیی زیاتر زەق بکەنەوە بۆ بەهێزکردنی خۆیان، ناکۆکی لەنێوان خەڵکی شارەکەدا دروست دەکەن، بەتایبەت لەکاتی هەڵبژاردندا بینیتان بەچ زمانێک لەهەردولاوە ناکۆکی و نائارامیان پەرەپێدەدا. ئەمە کێشەیەکی گەورەیە لەبەردەم خەڵکی ئەم شارەدا. تەنها رێگە بۆکۆتایهێنان ئەوەیە کەخەڵکی شارەکە لەژێر تەئسیری ئەم حیزب و بزوتنەوانە دەرچنە دەرەوە. لەراستیدا ئەمە کارێکی قورسە، چونکە بە مێژوویەکی دورو درێژ ئەم حیزبانە تۆوی دوبەرەکیان دروستکردوە وە بەتایبەت چواردەساڵی دەسەلاتی ئەحزابی کوردی خەریکی تالان وبرۆو درزینی سەروەت و سامانی شارەکەبون، ئازاری خەڵکی سەر بە نەتەوەکانی تریان داوە و هەرچی خەڵکی شەقاوەو چەقۆکێش هەبوو بەرەلای سەرخەڵکیان بکەن ، وە دواتر بەپێچەوانەوە ئەحزابی ناسیونالیستی عەرەبیش لەوان باشتریان نەکردوەو درێژەی هەمان ئەو سیاسەتانەن و ئەوەندەی تر خەریکی قوڵکردنەوەی کێشەکانن بەزەبری هێزو بەنێوی قانونەوە ئارامیان لەوخەڵکە تێکداوە. بەردەوام ئەم کێشانە بەشێوەی جیاوازو لەناوچە جیاوازەکان سەرهەڵدەدەن.

وە بۆ کۆتایهێنان و دورخستنەوەی خەڵک لەم کێشانە تەنها یەککرتنی خەڵکی کەرکوکە بەهەموو نەتەوەکانەوە، بەلام کارێکی ئاسان نیە، تەنها بەنوسینی بەیاننامە وەلام وەرناگرێتەوە. دەبێ ئامرازت هەبێت و خەڵکت هەبێ و جدی کاربکەی لەنێو روداوەکاندا، بەتایبەت لەناو خەڵکێکی نائومێد وخۆشباوەر بە ئەحزابی قەومی ئەمە کارێکی قورسە. دەبێ شان بدەیتەبەری، وە ئێمە وەک هەنگاوی سەرەتایی دەستمان پێکردوەو چەندجار سەردانی گەڕەکەکانمان کردوەو هاوپشتیمان بۆیان دەربڕیوەو لەهەمانکاتدا لەهەوڵی دروستکردنی پەیوەندی نێوان ئەو گەڕەک و تەنانەت شوێنەکانی دەرەوەی شاریشین، لەهەوڵی رێکخستنی شوێنەکانین بەیەکەوە وە ئاگاداری هەر کێشەیەکی تازەین کەدێتە پێشەوە. لەراستیدا ئێمەش لەسەرەتای کاردا ین لەگەڵیاندا. وە کێشەیەکی گەورەتر ئەوەیە کە پێکهاتەی حکومەتی مەحەلی لەو حیزبانەیە کەخۆیان سەرچاوەی دروستکردنی ئەم کێشانەن نەک چارەسەر، خۆیان بەرژەوەندییان لەدروستکردنی نائارامی و دوبەرەکیە، لەراستیدا ئەمە کێشەیەکی سیاسیە و دەیانەوێ خەڵکی تێوە گلێنن بۆ بەدەسهێنانی ئیمتیازی زیاتر لەپاش دروستکردنی ئەنجومەنی شاروانیەکان ، وەفشار بۆیەکتر بهێنن و سەرئەنجام خەڵکی زەرەرمەند دەبێت.

لەراستیدا خەڵکی کەرکوک قوربانی سیاسەتە کۆنەپەرستەکانی ئەم

حیزبانەن و باجی کێشەکانی ئەوان دەدەین وەبەردەوام سیاسەتی فریوکاری بەرامبەر خەڵک بەکاردەهێنن لەپێناو بەرژەوەندیەکانی خۆیاندا بۆ دەسەڵاتی زیاتر، بەردەوام کێشەو سەرئێشە و نائەمنی و نائارامی دروستدەکەن. کار گەیشتوە بەوەی کە بەرۆژی رووناک بەعسیەکان بەشان و بالای بەعس و سەدامدا هەڵدەن و لەپێش چاوی هێزەکانی حکومەت وپۆلیس کە ئەمە مەترسیەکی گەورەیە وخەڵک دەبێ وشیارو یەک دەست راوەستن لەبەرامبەریدا.

بۆیە دەبێ خەڵک لەپێناو کۆتایهێنان بەو کێشانە و مەترسیانەدا یەکگرتوو بن و بە وشیاریەوە لە کارنامەی درۆزنانەی ئەو حیزبانە بروانن و دورکەونەوە لەگیانی نەتەوەپەرستی وە لەهەولێ کۆتایهێنان بەهەموو ئەو بریارانەدابن کە لەسەردەمی بەعسدا دانراون و تائێستا کاریان پێدەکرێ، بوونەتە هۆی دڵەراوکێ و نائارامی خەڵکی شار وە دەبێ رێگە بگیرێ لە هەرجۆرە رەفتارو کردەوەیەک کە دەبێتە هۆی دوبەرەکی و رقی نەتەوەیی دروست دەکات وە هەموومان وەک هاوڵاتی و مافی هاوڵاتی بوون سەیربکرێین و نەک نەتەوەو عەشیرەت وهۆز وە دەبێ سزای هەر حیزب و لایەنێک بدرێت کە دەبێتە هۆی ئەو رقەبەرێتیە و هەوڵ بدرێت ژیانی خەڵک بەرەوباش بون ببرێت لەروی خزمەتگوزاری و دابینکردنی پێداویستیەکانی ژیان وەک ئاوکارەباو خەستەخانەکان و قوتابخانەکان وهەولێ دابیکردنی کار بۆ سەرجەم دانیشتوان بدرێت. وە خانوو بۆهەموو دانیشتوان دابین بکرێ نەک دەرکردنیان لەماڵەکانی خۆیان، وە دابینکردنی ئازادی نارەزایەتی لەدژی هەرکارێک لەدژی خەڵک بەرێوە دەچێ و کۆتایهێنان بەتەداخولی سەربازی لەژیانی خەڵک و سەرکوتکردنیان وە پێکەوە ژیانێکی شایستەو ئینسانی بۆ هەموو دانیشتوان بەیەکسان دابین بکرێت.

★

# کاریگەریەکانی نارەزایەتی مرۆڤدۆستی لەسەر ئیسرائیل و هاوپەیمانەکانی لە جیهاندا

نوری بەشیر

بزوتنەوەیەکی مەزن و گەورەی جیهانی هەر لەسەرەتای هێرشی دژی مرۆڤایەتیەکانی حکومەتی ئیسرائیلەوە، بەردەوام بۆماوەی زیاتر لە سێ مانگە شەقامی شارەکانی جیهانی داگرتووە، کە داوای ئاگربەست دەکات، ئەمەش بەمانای؛ نا بۆ کوشتار، نا بۆ کاولکاری و نا بۆ جینۆساید کە لە غەززە ئەنجامدەدرێت.

هەلومەرجێکی جیهانی و ناوچەیی دنیای چەندقوتبی کە هەم جەنگی ئیسرائیل بەدژی خەڵکی فەلەستین و بەدوایدا فراوانبوونەوەی گرژی ناوچەکە، وایکردووە نەک تەنیا تەنگەژەی ئیسرائیل بەڵکو ئەمریکاو ولاتانی غەربیشی توشی هەژان کردووە، ئیتر هەر بەو هێندەی کە ئەمریکا وەک تاک جەمسەری جێگاو ریگای خۆی لەچاو پێشوودا وەک زلهێزی دنیا لەدەستداوە، جێگاوریگای ئیسرائیلیش بۆ ئەمریکا وەک پێشوو نەماوە، بۆیە پشێویەک کە لەجیهاندا هەیەو بەتایبەت لەناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراستدا بەدوای هێرشەکانی ئیسرائیل بۆسەر غەززە، ئەو پشێویەی ناوچەکەی زیادکردووە، چ بۆ جەمسەری ئەمریکاو جەمسەری بەرامبەر لە روسیاو چین و ولاتانی ناوچەکە ئەوە ناخوازێت، بەدوای رێگاچارەدان بۆ ئارامی زیاترو بەرژەوەندی سەرمایەکانیان لەم دەورەیەدا. لەگەڵ ئەوەی حکومەتی ئیسرائیل توشی قەیرانێک بووە بەتایبەت چۆنیەتی دەرچوون لەم جەنگەی بەرپای کردووە، بزوتنەوەیەکی نارەزایەتی جیهانی یەخەی گرتووە چ لەناوەوەو چ لەئاستی دنیادا هێندەی تر قەیرانەکەی بەروویدا قوڵتر کردوەتەوە.

نارەزایەتیەک وەک بزوتنەوەیەکی مرۆڤدۆستی و ئازادیخواز سەرەرای کۆمەڵکوژی خەڵکی غەززەو چونەسەرەوەی کوشتار لە ئیسرائیل، وە داوای هاوکاری زیاتر لەهاوپەیمانانی و چونەسەرەوەی نارەزایەتیەکان لە ئیسرائیل و لەئاستی ناوچەکەدا، قەیرانەکانی لەسەر ئیسرائیل و ئەمریکاو ولاتانی رۆژئاوای زیاتر کردووەو تا دەگاتە کەوتنەمەترسی رێگای بازرگانیان لە ناوچەکەدا لەدەریا و لەزەویەوە.

بزوتنەوەیەکی نارەزایەتی لەدەرەوەی خواستی حکومەتەکان و حزبەکانی بۆرژوازی بۆ بەرگری لە مافی مرۆڤ کە ریشەیەکی مێژوویی هەیە، بەرئەنجامی چەند سەدە لەخەباتی چینی کرێکارو ژنان و هەروەها کاریگەریەکانی شۆرشی مەزنی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ بە رابەری لینینە، هەرچەندە سۆسیال دیموکرات پاشەکشەی کرد، هەرچەندە باڵی راستی بۆرژوازی ئەمرۆ لەدنیادا زاڵە، بەردەوام هێرش بۆسەر ئەم دەستکەوتە جیهانیە دەهێنێت، لە هێرشەکانی ریگان و تاتشەرەوە بە فراوانی دەستپێکرد، تا ئەمرۆ سەرانی وەک؛ ترامپ و بایدن، بلێرو بۆریس و سوناک، ماکرۆن و تا دەگاتە پۆتین، بەلام بەردەوام ئەم بزوتنەوەیە هێشتا ئالا هەڵگری مافەکانی ئینسانە.

ئەم نارەزایەتیانە ئەگەر راستەوخۆ کاریگەری دانەنابێت لەوەی هەنگاوە جەنگخوازی و دژی ئینسانیەکانی سەرمایەداری حکومەتەکانیان بوەستێنێت، بەلام لەدرێژماوەدا ئەو حکومەتانەو سەرانی ئەو حکومەتانەی ریسوا کردوە، هەموو ریسوایی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی دەبینین کە لە جەنگی عێراقدا کردیان لەژێر پاساوی هەبوونی چەکی کیمیایی، تا دەگاتە، جەنگی ئێستای ئۆکرانیاو

ئیسرائیل و ئەوەی لە ئەفغانستان و سوریا ئەنجامیاندا، وە ئەنجامە کارەستبارەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دەیبینێت، کە چ ریسواییەکە بۆ سیستەمی سەرمایەداری بەهەر هاتوهاوارێکی مافی مرۆڤ و پێشکەوتنەوە، رووبەڕوویان دەبێتەوە.

ئەم بزوتنەوەیەی خوارەوەی کۆمەڵگا کە لەنەبوونی تەنیا یەک حکومەتی ئینساندۆست و رادیکاڵ لەدنیادا، هێشتا خۆی دەردەخات، بۆخۆی ئومێدو تاوێک بە مرۆڤایەتی لەئاستی دنیادا دەدات کە ئەم دنیای سەرمایەداری و رابەرایەتیەی بۆرژوازی کە جیا لەبەربەریزم هیچی تری لەدەست نایەت و بۆ مرۆڤایەتی بەکەڵک نەماوەو دەبێت، بڕوات. ئەم بزوتنەوەیە لە درێژەی خۆیدا بەشێوەی جۆراوجۆر خۆی نیشاندەدات و یەخەی سەرمایەداری و پیشێلکاریەکانی دەگرێت هەر لە؛ ئامادەیی یەک ملیۆنی لەلەندەن بەدژی لێدانی عێراق، تاکو ئامادەیی سێ مانگ لە شەقامەکانی بە سەدهەزاری و ملیۆنی لە ئاستی دنیادا بۆ غەززەو دژی ئیسرائیل و تا دەگاتە نارەزایەتی سەدان هەزار کەسی زیاتر لە پەنجا ناوچەی ئەڵمانیادا دژ بە پارتی ئەڵتەرناتیف AFDراستڕەوو راسیست و فاشیستی دژی پەنابەری، کە وەک هێزێکی گەورە خۆی نیشاندا، تا دەگاتە هێزی بەرگری لەخەڵکی کۆبانی.

ئەم بزوتنەوە ئینساندۆستی، ئازادیخواز، چەپ، کرێکاری و کۆمۆنیستیە، ئەوەتا کاریگەریەکانی نەک تەنیا لە ریسواکردن و لاخستنی حکومەتی ئیسرائیل و پاساوی کۆمەڵکوژی لەژێرناوی بەرگری لەخۆی دەکات، کاریگەریەکانی لەئاستی دنیادا لەسەر حکومەتەکان و حزب و لایەنەکانی هاوپەیمانی ئیسرائیل داناوە. نارەزایەتیەکانی ئەم هێزە سەدان هەزاری و ملیۆنیە تەنیا هاوارو نارەزایەتیەکانی ڕووبە کوشتاری ئیسرائیل نیە کە ئەنجامی دەدات، بەڵکو یەخەی ئەو دەسەڵاتانەشی گرتووە کە لەپاڵ کوشتارو کاولکاری حکومەتی ئیسرائیلدا وەستاوەن لەچەشنی ئەمریکاو وڵاتانی ئەوروپا.

ئەم بزوتنەوە جیهانیە ئومێدبەخشە کاریگەرە کە داوای ئاگربەست دەکات و دەڵێت نا بۆ کوشتنی منداڵان لەژێر هەر پاساوێکدا بێت، لە چوارەهەمین مانگی خۆیدا دەڵێت نا بۆ جینۆسایدی خەڵکی فەلەستین و بەڵێ بۆ ڕێگاچارەی یەکجاری دوو دەوڵەتی فەلەستین و ئیسرائیل، کە جیا لە کەلێنخستنە ناو یوئێن، وڵاتانێکی وەک باشووری ئەفریقا دێنێتە پێشەوە کە لە دادگای دادوەری نێودەوڵەتی (دادگای نێودەوڵەتی لە لاهای) دا شکات لە ئیسرائیل بکات و بیباتە بەردەم دادگا و لەسەر کۆمەڵکوژیەکانی لە غەززە لێپێچینەوەی لەگەڵدا بکرێت. ئەم هێزە گەورەیە بەجۆرێک خۆی نیشانداوە کە نە حکومەتانی هاوپەیمانی ئیسرائیل دەتوانن پاشەکشەی پێبکەن، نە ئیسرائیل دەتوانێت، لەناوخۆدا بێدەنگیان بکات.

ئەم بزوتنەوەیە جیهانیە کە ریشەکەی لە خەباتی چینی کرێکار و سۆشیالیزمەوە سەرچاوەی گرتووە، کە نایەوێت جارێکی تر کێشەی فەلەستین برینی قوڵ و کۆمەڵکوژی لەنێوان خەڵکی ئیسرائیل و فەلەستیندا بەردەوام بێت و دووبارە بێتەوە، ریزی خۆی بێماندووبوون بە دروشم و دەنگی بەرزەوە دەڵێت ئاگربەست و چارەسەری یەکجاری کێشەی فەلەستینی خستۆتەر بەردەم کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، هەربۆیە کاریگەری داناوە، هەر ئێستا ئەوروپای هێناوەتە سەر ئەوەی کە قسەوباس لەسەر چارەسەری کێشەی فەلەستین بکەن. رۆژی دوو شەممە ٢٢ی جەنیوەری ٢٠٢٤ وەزارەتی دەرەوەی یەکێتیی ئەورووپا وەرەقەیەکی گفتوگۆی بۆ وڵاتانی ئەندام ناردووە کە نەخشەرێگایەک بۆ ئاشتی نێوان فەلەستین و ئیسرائیل پێشنیار کردووە لە ژێررۆشنایی دەستدرێژییە بەردەوامەکانی سەر کەرتی غەززە بۆ زیاتر لە ٣ مانگ. پلانێکی ١٢ خاڵییان خستۆتەبەردەم کە داوای "کۆنفرانسی ئامادەکاری بۆ ئاشتی" دەکات کە لەلایەن یەکێتیی ئەوروپا، میسر، ئوردن، سعودیە و کۆمکاری وڵاتانی عەرەبی ڕێکدەخرێت، هاوکات بانگهێشتی ئەمریکا و نەتەوەیەکگرتووەکان دەکات بۆ بەشداریکردن لە بەڕێوەچوونی. لە پلانی پێشنیارکراوی ئاشتیدا جەخت لە ئاگربەست کراوەتەوە و هەروەها دەڵێت "جگە لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی فەلەستینی کە شانبەشانی ئیسرائیل بژی، هیچ چارەسەرێکی هەمەلایەنە و متمانەپێکراو نییە".

ئەم بزوتنەوەیە سەرەڕای ئەوەی کە لە پشتیوانی دەوڵەتێکی شۆشیالیستی بەهرەمەند نیە، سەرەڕای ئەوەی کەلەچاو ئەو هێزە گەورەیەدا، چینی کرێکار بەرێزێکی سیاسی یەکپارچەو بە ڕابەری بزوتنەوەیەکی کۆمۆنیستی بەهێز تێیدا بەشدارنیە، بەڵام بەو ئاسۆ مرۆڤدۆستیەوە کە هەیەتی لەمەیداندایە، هەربۆیە گرنگە لەهەر گۆشەیەکەوە ئەم بزوتنەوە نارەزایەتیە بەهێزبکرێت، بەشداری تێدا بکرێت، بانگەوازی بۆ بکرێت و لەپاڵیدا بین تا ئەوکاتەی کە چینی کرێکارو کۆمۆنیستەکان بە هێزێکی زیاترەوە دەتوانن زیاتر چارەنوسی نەک تەنها کێشەی فەلەستین بەلایەکدا بخات، بەلکو ئەو کێشەو جەنگانەی کە سەرمایەداری بەرپای دەکات و مرۆڤایەتی لەبەردەم چارەنوسی نادیاردا ڕاگرتووە، بگۆڕێت بۆ کۆمەڵگایەکی شیاوی ئینسانی.

٢٠٢٤\١\٢٤

**بزوتنەوەی نارەزایەتی خەڵکی کرێکارو بێبەشی کوردستان بەبێ ڕێکخراوبوون و کۆبونەوە لەدەوری هێڵێکی سیاسی ڕادیکاڵی سۆشیالیستی و کۆمۆنیستی بە سەرکەوتن ناگات!**

# هێرش بە درۆن و موشەک

عوسمانی حاجی مارف

سوپای پاسدارانی ئێران بە بەئامانجگرتنی شوێنی نیشتەجێبوونی بازرگان و ملیاردلێر پێشرەو دزەیی، کە لە بنەماڵەی بارزانیەوە نزیک بوو، نیشانیدا کە توانای لێدانی موشەکی بەشێوەیەکی وردو دەقیق هەیە. سوپای پاسداران بەرپرسیارێتی ئەم هێرشەی لە ئەستۆ گرت کە بەرەبەیانی ڕۆژی ١٥/١/٢٠٢٤، شوێنەکانی شاری هەولێری کردە ئامانج، بانگەشەی ئەوەیان کرد کە "بارەگایەکی سیخوڕی" ئیسرائیلی کردۆتە ئامانج لە کوردستانی عێراق!

وردی و دیقەتی پێدانی ئامانجەکان وەک پەیامێک کاردەکات کە سوپای پاسدارانی ئێران نەک تەنها دەتوانێت بینا مەدەنیەکان بکاتە ئامانج، بەڵکو دەتوانێت هێرش بکاتە سەر دامەزراوە سەربازیەکانی نزیک فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر، کە چەند میلێک لە بنکەیەکی سەرەکی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بە سەرۆکایەتی ئەمریکاوە دوورە.

ئەم هێرشەی پاسداران خزمەت بە ئامانجە ناوخۆییەکانی دۆخی ئێران دەکات، بە تایبەت لە ژێرڕۆشنایی و وەڵام بەهێرشەکانی ئەم دواییەی ئیسرائیل لە سووریا.

لە بەیاننامەیەکدا کە میدیا فەرمیەکانی ئێران بڵاویکردۆتەوە، سوپای پاسداران ڕایگەیاندووە، هێرشەکە ”ناوەندێکی ستراتیژی ئیسرائیل“ی لە عێراق کردووەتە ئامانج.

هەڵبژاردنی شوێن و سیستەمی موشەکی "خەیبەرشیکان" ئاماژەیە بۆئەوەی ئێران دەیەوێت توانای گەیشتن بە شوێنە جیاوازەکانی ئیسرائیل کە هاوسێی سوریایە بۆ جیهان ئاشکرا بکات.

بەڵام ئەمەریکا هێرشەکانی ئێرانی بە مووشەکی بالیستیک لە نزیک شاری هەولێر لە باکووری عێراق ئیدانە کرد و بە "کۆمەڵێک لێدانی بێبایەخ و بێباکانە و نادروست" وەسف کرد، ڕایانگەیاند کە هیچ دامەزراوەیەکی ئەمریکی نەکراوەتە ئامانج، هەروەها هیچ زیانێکی گیانی ئەمریکی نەبووە، ئاماژەیان بەوەشکرد، ئەمریکا پشتگیری لە سەروەری و سەربەخۆیی و یەکپارچەیی خاکی عێراق دەکات و هێزەکانیشی لە عێراق ناکشێنێتەوە.

هەڵبەتە ئەم هێرشانە پێویستە لە ئێستادا لەچوارچێوەی شەڕی ئیسرائیل بۆ سەر غەززە و کاردانەوەکانی لەسەر ئاسایشی ناوچەکە و مامەڵە لەگەڵ ڕووداوەکاندا ئاماژەی پێبکرێت، بەتایبەتی ئیسرائیل زۆر لە هەوڵی ئەوەدایە پانتایی ئەم شەڕە فروانکاتەوە، تا لەرێگەی بەرپاکردنی جەنگێکی فراوانەوە خۆی لەو بنبەست و قەیرانەی لەم شەڕەدا دەرگیری بووە، رزگاربکات.

ئەم هێرشە مووشەکیانە لەکاتێکدایە کە ئەگەری ترسی پەرەسەندنی ململانێکان هەیە، کە لە سەرەتای دەستپێکردنی بۆردمان و هێرشی زەمینی ئیسرائیل بۆسەر خەڵکی غەزە پێشبینیکراوە، لەژێر ڕۆشنایی هاتنەناوەوەی هاوپەیمانەکانی ئێران لە لوبنان، سوریا، عێراق و یەمەن کە بەشێوازی جۆراوجۆر چوونەتە ناو ململانێکانەوە، ئەتوانین بڵێن ئەم هێرشە موشەکیانە ئاستێکی دیاریکراوە لە چۆنیەتی هەوڵدان بۆ فراوانبونەوەی ئەم شەڕەی ئیسرائیل بەدژی دانیشتوانی غەززە، کە بەردەوامیدانە بە شەڕەکە، فەرامۆشکردنی وەڵام بە کێشەی فەلەستین لەلایەن ئیسرائیلەوە کاریگەری لەسەر بێئومێدی و نالەباری دۆخەکە داناوە، لەلایەکی تریشەوە فەزایەکی پڕمەترسی و سامناک و نالەبارو دڵەڕاوکێی لەسەر ئاسایش و ناحەسانەوەی تەواوی دانیشتوانی ناوچەکە داناوە، وێنای ئەگەری خولقاندنی جەنگێکی گەورە بە خەڵکی نیشان ئەدات.

ئەوەی جێگای پرسیارە، ئاکامی ئەنجامدانی ئەم هێرشە موشەکیانە لە هەموو ئەو لایەنانەی بەجۆرێک پەیوەستن بەململانێی ئەم شەڕەوە، لەکاتێکدا فەزایەکی مەترسیدار لە بونی درۆن و هێرشی موشەکی خولقاندوە، ئایا ئەگەری ئەوە هەیە ببێتە بەریەکەوتنی ڕاستەوخۆی شەڕێکی گەورەو فراوان لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا؟.

هەرچەندە واشنتۆن دەستبەرداری ئامانج و بەرژەوەندیە ستراتیژیەکانی خۆی لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی و لە عێراق بەتایبەتی نابێت، بەڵام واشنتۆن چەندینجار ڕایگەیاندبوو کە هەوڵ نادات بازنەی ململانێی دەرەوەی سنوورەکانی ئیسرائیل تێپەرێنێت، بەتایبەت بۆ هەوڵدان لە پاراستنی گەڕانەوەی ئارامی و ئاسایش بۆ سەرمایەگوزاری و دەستەبەرکردنی سەقامگیری لەم ناوچە گرنگەی جیهاندا، لەدوای ئەم جۆرە هێرشانەی ئێران و هێزە میلیشیاکان، ئەمریکا دەستبەرداری دابینکردنی ئەو پرۆسەی ئارامبونەوەیە نابێت، لە هەمانکاتدا ڕۆژئاواو وولاتانی تری زلهێزی دنیا لایەنگری فراوانبون و گەورەکردنەوەی ئەم شەڕە نین، هەروەها لایەنگرو پشتیوانن لە ئارامبونەوەی دۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

ئیسرائیل هەوڵدەدات ئێران بۆ ناو ڕوبەڕوبونەوەکە ڕابکێشێت و مەودای شەڕەکە فراوانتر کات، بە چڕکردنەوەی ئۆپەراسیۆنەکانی تیرۆرکردن دژی بەرپرسە باڵاکانی لە ناوچەکەدا، بەڵام ئێران لەگەڵ گەورەبونەوەی ئەم شەڕە نیەو تاران ملکەچی ئەو کارە ئیستفزازیانەی ئیسرائیل نابێت، ئاستی پەرچەکردارەکانی ئێران لە هێرشی موشەکی و درۆن تێناپەڕێت، هەرچەندە کاربەدەستانی ئێران بۆ خۆیان چەندینجار جەختیان لەوە کردووەتەوە کە بە دوای فراوانکردنی شەڕکەوە نین، بەڵام شەپۆلی تیرۆرەکانیان بەردەوامە، لە هەر حالەتێکدا رودانی فروانبونەوەی ئەم شەرە بەدور دەزانرێت، بەلام پێویستە لە ئاگاهی ئەوەدابین کە ئاڵۆزی و

⇦

توندپێچی دۆخە ئەگەری ئەوەمان دەخاتە بەردەم، کە لە شوێنێکدا پەتی کۆنترۆل لەدەست دەربچێت، بۆیە پێویستە هەوڵبدرێت بەرەی دژی شەر فراوانتر فروانتر ڕێکخراو بکرێت.

زنجیرە هێرشە یەک لە دواییەکان بۆ سەر هێزەکانی ئەمریکا، کە بووە هۆی دەیان قوربانی لەنێو سەربازو کارمەندانی ئەمریکیدا، پاڵ بە واشنتۆنەوە نانێت هێرشی ڕاستەوخۆ بۆ سەر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئەنجام بدات، جگە لە ئاستی لێدان و هێرش بۆسەر هێزە میلیشیاکانی سەر بەئێران لە سوریا و عێراق و لوبنان و یەمەن، نەک هەوڵێکی تر نادات، بەڵکو ژێربەژێر لەهەوڵی ڕێکەوتن دەبێت لە گەڵ ئێراندا.

ئەمریکا ناتوانێت لە عێراق بکشێتەوە، ئەمە جگە لەوەی کە بوونی سەربازی لەوێ لە ئەنجامی ڕێککەوتنێکی هاوبەشی ستراتیژیە لەگەڵ بەغدا کە لە ساڵی ٢٠٠٨ واژۆ کراوەو لەڕاستیدا تا ئەمڕۆش ئامادەیەکی سەرەکیە لە ستراتیژیەکانی کاریگەری ئەمریکا لەسەر ئاستی جیهان، بەو پێیەی باس لە ناوچەیەک دەکەین کە نوێنەرایەتی پەیوەندیەک دەکات لە نێوان کیشوەرەکانی جیهان و خاوەنی قورسایی ئابووری و جیۆپۆلەتیکیە.

هەروەها واشنتۆن بوونی خۆی و ڕوبەڕوبونەوەی لەگەڵ گروپە چەکدارەکانی سەربە تاران بەهێزتر دەکات، کە بە هەنگاوی بەئامانجگرتن بۆ لاوازکردنی هێزە میلیشیاکان لە سوریاو عێراق کاردەکات، بەم شێوەیەش دەیەوێت دەورو دەخالەتی ئێران لە ناوچەکەدا سنوردار کات، بەبێ ئەوەی بچێتە مەیدانی شەرێکی گەورەوە.

هەرچەندە حکومەتی عێراق و هێزە شیعەکان بەگشتی پێداگری لەسەر چونەدەرەوەی هێزە سەربازیەکانی ئەمریکا دەکەن، بەڵام کشانەوەی ئەمەریکا لە عێراق بە هیچ شێوەیەک لەسەر مێز نیە لە بازنەکانی بڕیاردان نە لە واشنتۆن و نە لە بەغدا.

ئەمەریکا دوو هەزار و ٥٠٠ سەربازی لە عێراق جێگیرکردووە، لەنێویاندا شاری هەولێر بەشێکە لە هاوپەیمانی دژ بە داعش بە سەرۆکایەتی ئەمریکا، هەروەها واشنتۆن وەها ڕادەگەیەنێت، بوونی هێزی سەربازی لە عێراق بۆ پاڵپشتی هێزە ناوخۆییەکان و ڕێگریکردنە لە گەڕانەوەی داعش، کە پێشتر ناوچە بەرفراوانەکانی عێراق و سوریای کۆنترۆڵکردبوو، ئێستاش لە زیاتر ئاڵوزبونی دۆخەکە بە هەڵگیرسانی شەڕی غەززە، ئەمریکا پێداگری زیاتر دەکات بۆ مانەوەی هێزەکانی لە عێراق و ناوچەکەدا.

ئەم هێرشەی ئێران لە هەولێر وەڵامێکی ئێرانە بۆ ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە ناوچەکە، بە وتنی ئەوەی توانای فراوانکردنی بازنەی ململانێی لە ناوچەکە و لە دەرەوەی غەززەش هەیە، سەبارەت بە بوونی بارەگای مۆساد لە هەولێر، گەر لە ناوچەی دەسەڵاتی بارزانیدا بونیشی هەبێت! بەڵام ڕاگەیاندنی لەلایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە، تەنها مەبەست پروپاگەندەیەکە ئاراستەی ناوخۆی ئێران دەکرێت، کە بەدەست هەلومەرجێکی سەختی ئابووری و نارەزایەتی جەماوەریەوە دەناڵێنێت.

ئەو کارە تیرۆریستیانەی ئیسرائیل لەبەرامبەر کەسایەتیەکانی ئێراندا پیادەی دەکات هەوڵدانە بۆڕاکێشانی ئێران بۆ ناو شەڕەکەو بەرەو هەڵکشانی زیاترو کرانەوە بەرەی نوێ، بەڵام وەڵامدانەوەی ئێران جگە لە کاری تیرۆرستی و هێرشی موشەکی ئاراستەیەکی تر ناگرێتە بەر، ستراتیژی ئەنجامدانی تیرۆرەکان لە هەر لایەنێکەوە، ئامرازێک نابێت بۆ بەدەستهێنانی سەرکەوتنی هەمەلایەنە، بەڵکو هەنگاوێکی تاکتیکی دەبێت کە لە کورتماوەدا هەندێک پێگەی هێزی سەبازی نیشان ئەدات و ناتوانێ ئیسرائیل و ئەمریکا لە قەیرانی شەڕی غەززە دەرباز بکات، ناشتوانێ بەمانای شکست بێت بۆ لایەنەکانی تر.

ئەتوانم بڵێم ئەم ململانێیەی کەلەڕێگەی دەخالەتی هێزە میلیشیاکانی سەر بەئێرانەوە دەچێتە ناو هەرای شەڕەکەوە، وەک کۆتایی ئەو جەنگانە وایە کە شەڕەکە ڕاگیراوە، بەڵام لە هەندێ شوێنی بەرەکاندا هەوڵی وەستانی جەنگەکەیان پێ نەگیشتوەو بەردەوامن لە شەڕ، یان لایەنە سەرەکیەکانی شەڕەکە باوەڕیان بە بەشێکی هێزەکانیان نەهێناوە کە دەبێت ئەو شەڕە بوەستێت و سەرکەوتو نین لە کۆنترۆڵکردنی دۆخەکە.

ئیسرائیل هەوڵی فراوانکردنی مەودای شەڕەکە دەدات و هەروەها هەوڵی تێوەگلانی لایەنەکانی دیکەش دەدات، بەڵام هەتا ڕۆژئاواو ئەمریکاش کە پشتیوانی ئیسرائیلن، نایانەوێت جگە لە پاکتاوکردنی غەززە، شەڕەکە بەرەی تری لێ دروست ببێت.

هەوڵدان بۆ سەقامگیری لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ سەرمایەگوزاری، دوای چەندین دەیەکە واقعیەتێکە لە جەنگ و گێژاو ناجێگیری سیاسی، ئێتر مانای وەستان و کۆتایی ئەو شەڕە پێداویستیەکە لە پەیوەند بە هاتنەپێشەوەی هەلومەرجێکی تازە، لایەنە سەرەکیەکانی دەرگیر لەو شەڕەدا بە تایبەتی دەوری ئەمریکا هەڵکردنی ئاڵای سپیە بۆ وەستانی شەڕ، هەلومەرجی سیاسی لە ناوچەکەو جیهاندا لەڕاستای ئاڵوگۆڕێکی تەواو جدی و جیاوازدایە، کە شکستی خواستی باڵادەستی جەمسەری ئەمریکایەو هاتنەمەیدانی فرە جەمسەریە، ململانێ جەمسەرەکان ئێتر ناتوانێ بەردەوامی بدات بە جەنگی ئۆکرانیا و فراوانبونەوەی شەڕی ئیسرائیل لە غەززە، درەنگ یازوو دەبێت ئەو شەڕانە بوەستێت.

سەرەڕای بۆردومانی تاران بۆ سەر هەولێر، بەڵام پەیوەندیەکانی ئێران و عێراق نە تێکدەچێت و نە ئاڵۆزی تێدەکەوێت، پێشبینی هیچ تێکچوونی بەرچاو لە دیالۆگەکانی تاران لەگەڵ بەغدا ناکرێت، حکومەتی عێراق پاشکۆی بەرژوەندیەکانی ئێرانەو حکومەتی هەرێم و بارزانیش دەبێت ملکەچی نەخشەو سیاسەتی ناوەندبونەوەی حکومەتی بەغدا بن، پابەندبونی هەرێم بەم سیاسەتەوە ڕەزامەندی ئەمریکاشی لەسەرە.

حکومەتی عێراق ناچارە لەنێوان

# بەیاننامەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان سەبارەت بە هێرشی موشەکی و درۆنیی سوپای پاسداران بۆ سەر شاری هەولێر

دوێنێ سوپای پاسدارانی کۆماری ئینسانکوژی ئیسلامی ئێران، بەپاساوی هەبوونی "بنکەی جاسوسی" دەستیبرد بۆ هێرشێکی موشەکی بۆ سەر شاری هەولێر ولەئەنجامدا ژمارەیەک لەهاولاتیانی مەدەنی کردە قوربانی ودانیشتوانی شارەکەشی لەگەڵ ترس ونائارامی بەرەو ڕووکردەوە. ئەم هێرشە تیرۆریستیەی سوپای پاسداران لە کاتێکدایە کە کۆمەڵگەی جیهانی ڕۆژانە لەشاشەی تەلەفزیۆن و کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە، هەواڵی ئەو هێرشە موشەکی ودرۆنیانە دەبینن ودەبیستن، کەلەغەززە ویەمەن ولوبنانو عێراق وسوریا لەڕۆژهەلاتی ناوەڕاست، شارو گوند وژیانی خەڵکی سیڤیل، دەکاتە ئامانج و بەهۆیەوە هاولاتیانی بێتاوان لەگەڵ دارمان و وێرانکاری و کوشتاری کوێرانە بەرەورووەدەکاتەوە. ئەم هێرشو پەلاماردانانە کەلەڕیزی پێشەوە لەلایەن دەولەتانێکی وەک ئیسرائیل وئەمریکاو بەریتانیا و ولاتانی ئەوروپایی و دەولەتانی ناوچەکە، لەوانە تورکیاو ئێرانەوە، دەستیان بۆ دەبرێ و بەدوای خۆشیدا دەستەوتاقمی ئینسانکوژی ئیسلامی و هێزە میلیشیاییەکانیان، ڕاکێشاوە تا کوێرانە ژیان و ئەمنیەتی هاولاتیانی مەدەنی بەبارمتەبگرن، گۆشەیەکی تر لەو سیاسەتە میلیتاریستی وجەنگخوازی وکاولکاریە نمایش دەکات کەلەلایەن ئەمریکاو ڕۆژئاوا وهێز و دەولەتانی ناوچەکەوە بۆ یەکلاکردنەوەی بەرژەوەندیەکانیان بەسەر ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا دایانسەپاندووە. سیاسەتێکی میلیتاریستیو کاولکاری وا کە تەنانەت هیچ سنورێکی بۆ ئەو یاسا و پەیماننامە و ڕێکەوتنانە نەهێشتۆتەوە کەلە ئاستی نێودەولەتیدا هەیە وهەرخۆشیان واژۆیان کردووە.

کۆماری درندە و ئینسانکوژی ئیسلامی ئێران کە ڕۆژانە هاولاتیانی ژێردەستی خۆی ڕووبەڕووی گرتن و سێدارە دەکاتەوەو هەر نارەزایەتیەکی بەرهەقیان بەخوێناویترین شێوە وەلام دەداتەوە وهاوکات لەئاستی ناوچەکەشدا بۆتە سەرچاوەی ئاشوب وهەڵخراندنی دەستەوتاقمی میلیشیایی لەدژی ژیانو ئارامی خەڵک، بەدڵنیایەوە لەهەر دۆخێکدا ئامادەیە دەست بەرێت بۆ کردەوەی تیرۆریستی وکاولکاریو ئینسانکوژی، لەنمونەی هێرشە موشەکیەکەی بۆ سەر شاری هەولێر. ئەم ڕژێمە کەلەچەند ساڵی ڕابردوودا بەدەستبردن بۆ کردەوەی تیرۆریستی و تۆپباران کردنی ناوچە سنوریەکان وراکێشانی هێزی سوپاو بۆردومانی شارەکانی کوردستان، بەردەوام هەڕەشەیەک بووە بۆسەر ئارامیو ئاسایشی خەڵکی کوردستان.هەرجارەش بۆ کردەوەکانی پاساوێکی هەبووە، تا لەم ڕێگایەوە، هەژمونی ودەخالەتی سیاسیو سەربازی خۆی چ لەعێراق وچ لەکوردستاندا بەرامبەر بەهێزە ناوچەیی و جیهانیە نەیارەکانیدا زامنبکات. بەلام پەلامارەکەی ئەمجارەی سوپای پاسداران بۆسەر شاری هەولێر جارێکیتر ئەو ڕاستیە لەمەحەک دەداتەوە، کەسیاسەتی خۆگرێدانەوەی ئەحزابی ناسیونالیستی کورد ودەسەلاتەکەی بەدەولەتانی ناوچەکە وراکێشانی هێزەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانانی ڕۆژئاوایی وراوەستان لەژێر سایەو سێبەری سیاسەتەکانی ئەم دەولەتانەو هاوکات بەدەستخستنە ناو دەستی ئەحزابی شیعەو سونە ودەستەوتاقمی میلیشیایی کەراستەوخۆ سەربەئێرانن، ئەودۆخەی لێکەوتۆتەوە کەکوردستان ببێتەمەیدانی یەکلاکردنەوەی سیاسەت وبەرژەوەندیە دژە خەڵکیەکانی ئەم هێز ودەولەتانەو لەئاکامیشداخەڵکی کوردستان لەنێوگێژاوی شەڕو ململانێی ئەواندا ڕابگرن.

بێگومان خەڵکی کوردستان هەقیانەژیانێکی ئارامو سەلامەتو دوور لەجەنگو ماڵوێرانی بەسەربەرن.لەم پێناوەشدا نابێ فریوی پروپاگەندەی درۆزنانەی ئەمریکاو دەولەتانی ئەوروپایی وحزبە ناسیونالیستەکان سەبارەت بە"دۆستایەتییان لەگەڵ کورد" بخۆن. هاوکات نابێ هێچ چاوەڕوانییەکیان لەهەڵوێستی دووڕوویی و ڕیاکارانەی حکومەتی عێراق و لایەنە شیعەکان، هەبێ، بەڵکو دەبێ لەپێناو دەستکۆتاکردنی ڕۆڵی هەمووو ئەم هێز ولایەنانە ولەدەستگرتنیچارەنوسی کۆمەڵگا، یەکگرتوانە لەمەیداندا ڕاوەستن.

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان پەلاماری سوپای پاسداران بۆسەر خەڵکی شاری هەولێر بەتوندی سەرکۆنە دەکاو هاودەردیی خۆی بۆکەسوکاری قوربانیانی ئەم تاوانە دەردەبڕێ وبانگەوازی خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان دەکات کەلەبەرامبەریدا بێدەنگ نەبن و کارنامەی ڕەشی کۆماری ئیسلامی ئێران لەقاوبدەن.

١٦/١/٢٠٢٤

ئێران و ئەمەریکادا هەماهەنگیەک بکات، ئیمتیازێک بە واشنتۆن بدات، لە هەمان کاتیشدا ناچارە بە شێوەیەکی بەهێزو نەریتی پەیوەندی نزیک لەگەڵ تاران بپارێزێت، ئەوەی لەم ململانێی و دۆخە ئاڵۆزەدا ئایندەو چارەنوسی بەشمەینەتی و چەوسانەوە و مانەوەیەتی لە دۆخێکی نائاسایشدا، جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی عێراق و کوردستان و تەواوی ناوچەکەیە، جگە لە بەرپاکردنی شۆرشێکی کۆمەڵایەتی و کۆتاییهێنان بەدەسەڵاتی سەرمایەداران و نوێنەرەکانیان و دامەزراندنی دەسەلاتی جەماوەری ڕێگایەکی تر بۆ ڕزگاری نیە.

★